لەساڵیادی ئەنفالدا..

# یادەوەری ڕاگرن و....قەرەبووی زیان لێکەوتووەکان بکەنەوە ..!!

* فاتیح سەلام *

هەژدە ساڵ بەسەر گەورەترین و سەخترین پرسەی مێژووی و بەردەوام خوێن لێچوڕیووی نەتەوەی کوردا تێدەپەڕێ و،هێشتا گوند بەگوندی گەرمیان سیمای ڕەش و پڕ نەهامەتی پێوە دیارە و،واهەست دەکەیت مێژوو لەشوێنی خویدا چەقیوە و،ڕۆژ پێکوتەیەتی وئێوارەیەوەوەختێکی دوای ماڵئاوایی کردنی ڕوحە سپییەکانە لەتێڕژان وهاواری ئاسمان هەژێنی ( ملە سوورە ).

هەژدە ساڵە خوێن لەدیدی چاوەڕوانی دەتکێ و،دەشت ودەرو سەرکانی و تەکگیە و قورئان تووڕ دراوەکانی ژێر کالای جاشی و پۆستالی داگیرکەر بۆنی ١٤/٤یان لێدێت ونەخەمڕەوێنێ بووە بەفریشتەی ئەم وێرانەیە نەدیوارێ هەستاوەتەوە بۆ ژیان .

هەژدە ساڵە وەك بروسکە تێدەپەڕێ ونەشتەر ئاسا جگەری دیوەدەر کردین و،بەلام لەچاوە بۆگریان وچاوەڕوانی یە دروست بووەکانی هەزارەها پیرەمێردی گالۆك بەدەست ودا پیرەی چەماوە کەنیشکی لەیار دابڕاو هەزەکاری لە دوور ڕا نیگای هەڵخستتووی ئازیزان .دەیان پرسیلاری بێ وەلام ناخیان دەکێڵێ وکینگلێ دەدەن .

لەم یادەوەریە تاڵ وژەهراوییە داوامان ڕاگرتنی ئەو ساڵڕۆژەیە کە بەتاوانی دەزانیین وئەو ماڵوێڕوانی وسۆراخ نەکردنی ئاوڕ لێدانەوەی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان وەك دا پیرەیەك ووتی( شەللاَ ئێمەش نەهاتینایەتۆ بۆ مردنی ئەم ڕۆژە ) لەچوارچێوەیەکی تەقلیدی وسواوی وپڕ هاژەو وژەی ڕاگەیاندنەکاندا بکرێنە قوربانی چەند لافیتە وپۆستەر وبلاوکراوەو ئاخاوتن وبرین کۆڵینەوەی پشت مایکرۆفونی چەند مەسولێکی قە پات وشا ژیانی بێئاگا لەخەڵکی برسی ونەداری وبن دیوارو پەنای مزگەوت ومەیدانی کاری بەیانیانی ژنانی کەلارو....تاد.

هەممو قەڵەباڵغی وکۆبوونەوە ولاواندنەوە ودیدارو ریپوتاچە ڕۆژنامەوانیەکان بە نارەواو ناشایستە دەزانین خزمەتی دۆزی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ناکات ،چاکتر وایە ئەو بودجەیەی بۆئەم شین و شە پۆرەی یادی کارەستای ئەنفال خەیاڵییانە تەخانکراوە بدرێتە چەند خێزان وبنەماڵەیەکی ئەنفال زۆر پیرۆزترو مرۆڤانەترە لەوە بەهەدەر چوونەی .

لەگەڵ پێداگرتن لەسەر :

١.زۆربەخێرای قەرەبووکردنەوەی زیان کەوتووانی ئەو پرۆسە بەربەرییەی کە ماڵیان لانکی شۆرش و پێشمەرگە بـوون لەدیوەخانـی گەرمـیاندا میوان جمەی دەهات و،لەئێستاش نیشتوونەتە سەر ساجی عەلی وسواڵ دەکەن ومەرگ لە خودا دەخوازن .

٢.کـردنەوەی دەرگـای گفـتوگۆ لەگەڵ حکومەتی بەغداو باڵوێزخانەی ئەمەریکا وبەریتانیا لەعێراق بۆ قایل کـردنیان بەهێنانـی ( عـەلی کیمـیاوی )بۆناحـیەی ( سمـود )کەبەناهـەق ناونـراوە ( ڕزگـاری )وناچارکردنی وبەچۆنێتی ئە نجامدانی ئەو هەڵمەتی ئەنفال و چارەنووسی گۆڕی بێناونیشانیان وە ئاشکرا کردنی هاوکارانی ئە نجامدانی ئەو شاڵاوانە وکردنەوەی گرێ کوێرەی ناخی مرۆڤەکانی ئەودیوی سنووری چاوەڕوانی .

٣.لێـنەبووردن ودادگایکردنـی ( عـەلی حەسـەن مەجـید )ەکانـی کوردو ،کەرۆلێکی دڵسۆزانەیان بۆ بە ئاکام گەیشـتنی ئەو تاوانکارییە گێڕاو سوورەی بەر لەشکری هێزی ئووردوی دوژمن بوون و ،تابینا قاقایان نووقمە لەزەلکاوی خیانەتداو ،دەستیان بەخوێنی کەسەکانمان سوورە وقارەمانی تالانی ودزی حە پەلووشکردنی ماڵی کورد بوون.

کـە لەڕژێمــە نامـرۆڤانەو بـێ ئەخلاقەکەی بەعسەوە کرایە خەڵاتی رژێمێکی لەخۆی بێشەرمتر ،چونکە بەوە قایل بوون ئەو خەڵاتە وەربگرێت.

*هێنانـی ( عــەلی کـیماوی )بۆ ناحیەی ڕزگاری وناچارکردنی بەلێدوانێکی لەمەڕ چونێتی پیلانی ئەو قەتڵ و عامـەو بلاوکردنەوەی ووردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیەو بینینی ئەو قیامەتی تێگرژاون و لە دۆزەخی ئەنفالدا مێشیکیان قووڵ دەدات .

*دادگایکردنی ( عەلی حەسەن مەجید )ەکانی کورد،کەتیانا هەیە شتێکی ئەو تۆی لەو تاوانبارە کەمتر نەبووە دەسـتیان بەخوێنی ئەنفال سوورە و لە دزینی وتالانی و پێش لەشکرکەوتنی سوپای داگکیرکەر درێغیان نەکردو ئێسـتاش مێشـێك میوانـیان نیـیە وهـەوری لێخن بیری چڵکنی حزبایەتی وتیربازی وخزمایەتی قەڵغانیانە وەلە پەنایاندا موعەززەو موکەڕەمن .

*داواکـردن لەبەرپرسـە کوردەکانــی بەغدا ،بۆ گەڕان دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عەرعەر وبیابانەکانی خوارووی عێراق کەزۆرێك لەسەرانی ئێستای عەرەبی بەرپرس زانیاری دروستیان لەسەر هەیە وە پاڵپەستۆیەك نیە بۆپێدرکاندنیان.

٤.ریسـواکردن ودادگایکردنــی ئــەو جــاش قەڵــەم وخۆفرۆشـانەی زورناژەنی دەسەلاتی بەعس وئەنفال بوون و،مەخابن رکەبەری حیزبایەتی وتیرەبازی وخزمایەتی وهەر زوو ئامێزی گەرمیان بۆکردنەوەولەگوڵ کاڵتریان نەدرا بەرِوودا موکەررەم وموعوزەز هاتن وهوندێکیان بەخوێنت پارەی شەهید وئەنفال رەوانەی هوندەران کران

.

٥.دروســـتکردنی میکانیزمێکــی شــیاو بــۆ پاڵە پەســتووە خســـتە ســـەر دەســـەلاتی ناوەنـــی بەغـــدا ،بۆدوزینەوەوکۆکـردنەوەی زانـیاری دروست دەربارەی ئەو پۆلە کچەی بەتیاترۆخانەکانی میسر کرانە خەڵات خــەلات وەرگرانیش لەڕووی ئەخلاق ونامرۆییەوە هیچیان لە رژێمەکەی سەدام کەمتر نەبووە کە ئەو تاوانەیان

کردو خەڵاتەکەیان لەسەر شەرەفی کورد وەرگرت. چونك لەو شۆڕە سوارانە تائێستاش کاربەدەستی باڵای حکومەتەکەی جەعفەرین وزانیاری ونهێنی ووردیان لایە و پێویستی بەدڵسۆزە بۆساغکردنەوەو لێوەرگرتنیان.

٦. راگرتنی تەواوی بودجە تەرخانکراوەکانی ئیدارەی سلێمانی وهەولێر بۆپرۆژە خزمەت گوزارییەکان و، وەگڕخستنەوەیان لەگەرمیاندا.

٧. تێکدان وهەڵوەشانەوەی زیندە گەورەکەی ( سمود ) وکارئاسانی و کۆمەك کردنی خەڵکەکەی بۆ گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانی خۆیان، کەوا خەریکە بەتەواوی گوندەکان چۆڵ دەکرێن و پۆلیس وئاسایشی لەبێ بەرنامەی حکومەتی هەرێمدا پەلکێکێش کرددون .

٨. خرۆشێکی جەماوەری لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان زەمینە هەژێن بۆ بەردەرگای باڵوێزخانەکانی میسر رێکبخرێ وداوای چارەنووسی پاکیزەکانی وچونێتی وەرگرتنیان لێبکرێت .

٩. بەستنی کۆنفرانسێکی فراوان کەشارەزایانو پسپۆران ویاسا ناسانی ناوەوە دەرەوەی بۆ بانگهێشت بکرێ ،لە پێناوی بە جیهانی کردنی ( دۆزی ئەنفال )وناساندن و پێناسەیەکی ئەکادیمیانە تر بۆ دونیای دەرەەمان.

١٠. دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی گەورە لە گەرمیاندا ،تاهەرچی بابەتی پەیوەست بەو قوربانی ودیکۆمێنتانە هەیە تیایە بیپارێزن و ،هەڵمەتێکیش بکرێت بۆ بۆ وەدەستهێنانی وێنەو ناسنامەی بێ سەر وشوێن کراوەکان و، لە گۆڕستانێکی فراواندا ڕوفاتی ئەو کوردانە بهێننەوە کە بەجل وبەرگ ونیشانە تایبەتیەکانیندا دەناسرێنەوە کە پێیان بووە .بەداخەوە ئەوەی بۆ برا بارزانیەکانمان کرا ئەوانیش براو خوێن وئێسکی ئێمەن دەبوو هەرچی نەبێت بۆ( ١٠-١٥ )هەزارێك گەرمیانی ئەنفالکراویش بکرایە.

١١. وەزارەتی ڕۆشنبیری -بەشی سینەما وشانۆ داوەتی سینارۆ نووسی دەرهێنەرە ئەکتەرە جیهانی وکۆمپانیای فلیم بەرهەم هێنەرە بەناوبانگە جیهانی وعەرەبیەکان بکات وبۆ ئە نجاامدانی فلێمێکی سینەمایی جیهانی لەمەڕ ئەو جینۆسلیدە دۆبلاج کردنی وناردنە دەرەوەی .

١٢. لەسیستەمە جوانەکەی پەروەردەدا ئەنفال بابەتێکی خوێندگا وقوتابخانەکان بێت وگرنگی خۆی بدرێتی ووەك وانەیەك لەمزلۆمی کوردو دڕندەیی دوژمنانی .

ئەو خاڵانەی باسمانکردن چەندیی تریش ،ڕەنگە چارەسەرێك بن بۆ کەسێتی تێکشاوی پاشماوەی ئەنفالکراوەکانمان لەڕووی دەروونی کۆمەڵایەتی وئابووریەوە .ئەگینای ئەگینا دوای هەژدە ساڵ لەوووتار گێڕانەوەی سۆزی خەمە سواوەکانی پێشوو هیچیان لەخزمەت ئەو خەڵکەدا نابن و نین و هەمموقسەیەکیش هەر قسەی ڕووتە قسەی ڕوتیش ناچێتە گیرفانەوە.